# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان/کۆمیتەی دەرەوە

Worker-communist Party of Kurdistan / Abroad Committee

## کۆبونەوە لەگەڵ نوینەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەریتانیا بۆ

## دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە هەڵوێستی هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هەرەشەی مەلاکان

رۆژی هەینی 27 /06/ 2008 وەفدێکی کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان کە پیکهاتبوو لە ئاسۆ کمال و خەسرەو سایە کۆبونەوەیەکیان لەگەڵ بەیان سامی عبدالرحمن بەرپرسی ئۆفیسی نوینەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەریتانیا و جێگرەکەی کرد . لەم کۆبونەوەیەدا وەفدی حزب نارەزایەتی توندی خۆیان دەربڕی بە بریاری سەرۆکی هەرێم بە دەرکردنی بریاری لیژنە بۆ بەدواداچوونی نامەی هەرەشەی مەلا وئیسلامیەکانی کوردستان کە لە 7ئایاری 2008دا دەریانکردوە و هەروەها دەست بەکارکردنی حکومەتی هەرێم بەجێبەجێکردنی بە کۆکردنەوەی کتێبی جەهالەتی ئیسلام ودنیای هاوچەرخ لە نوسینی ئارام رەشید.وە تەئکیدیان کردەوە کە ئەم کارە دژ بەئازادییە وخزمەت بەکۆنەپەرستی ئیسلامی دەکات و جیگای نارەزایەتی هەزاران ئینسانی عەلمانی وئازادیخوازە لە کوردستان ولەدەرەوە .

وەفدی حزب راپگەیاند کە سەرەرای ئەوەی داوای دەستبەجێ هەلوەشانەوەی ئەو بریارە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەکەن ،هاوکات لەئاستی نیونەتەوەیدا دەست دەکەن بە ئاشکراکردنی ئەم هەڵوێستە دژی ئازادیەی حکومەتی هەرێم و خەتەری سەرگرتنی ئەم هەرەشەی ئیسلامیانە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان.وە ئەگەر حکومەتی هەرێم وەڵامی ئیجابی بەم داوایە نەداتەوە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان دەت دەداتە شێوازی تری نارەزاەیتی دەربرین بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی هەریم.

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەریتانیا بەڵینیان دا کە نامەکانی نارەزایەتی *بە سەرۆکی هەرێم و سەرۆک و جێگری سەرۆک وەزیران بگەیەنن و تەئیدی خۆیان لەم نارەزایەتیە رایانگەیاند و پێویستی روبەروبونەوەی ئەم هەرەشانەیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کردەوە.

**کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان**

2008/06/30

**بۆپەیوەندی بە کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان**

*Email:Wpk08@yahoo.com,TEL:00447760131203, www.hkkurdistan.org*

※ نامەیەكی كراوە بۆ سەرۆكی هەرێم ..بەڕێز مەسعود بارزانی

بابەت\ نارەزایەتی

## هەڵوێستی هاوكاریكردنی حكومەتی هەرێم لەگەڵ هەرەشەی مەلاكان وئیسلامیەكانی كوردستان بۆ نوسەران و نوسینی دژی ئیسلام مەحكوم دەكەین

ئێمە هەلویستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان ، مەسعود بارزانی بۆ پیكهینانی لیژنەی شەرعی بۆ بەدواداچوونی نامەی هەرەشەی مەلا وئیسلامیەكانی كوردستان كە لە 7ئایاری 2008دا دەریانكردووە بە هاوكاریكردنی ئەو بەرە كۆنەپەرستیە ئیسلامیەی دەزانین كە دەیانەوێت ئازادی نوسین وڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن قەدەغەبكرێت و یاسا وسیستەمی كۆنەپەرستی ئیسلامی لەبواری ڕاگەیاندن وژیانی كۆمەلاَیەتی وسیاسیدا بسەپێنرێت. ئێمە ئەم هاوكاریكردن وبەدەنگەوە چوونەی حكومەتی هەرێم بە هەنگاوێك دەزانین بۆ یاسایی كردنەوەی هێرش و تیرۆری ئیسلامی سیاسی لەكوردستاندا لەكاتێكدا مەلاكان وئیسلامیەكانی كوردستان زۆر بەئاشكرا لەو نامەیەدا دەلَێن" بەدووریشی نازانین جەماوەری كوردی موسلَمان پێی ئیستفزابێ وئارامی نەمێنێ و هەلَوێست وەربگرێت جا بۆ هەموو لایەكمان ئاشكرایە ئاسان نیە بەرگرتنی شەپۆلی جەماوەر و میللەت كە ئەو كاتە هەموومان زەرەر دەكەین."

:

بێگومان ئەمە هەرەشەیەكی ئاشكرایە بۆ دەستدانە تیرۆركردن و كوشتن و بەرێخستنی حەرەكەت و جەویكی كۆنەپەرستانە بە سوود وەرگرتن لەو هەموو مینبەرەی مزگەوت و ئیعلامی حزبەكانی یەكگرتووی ئیسلامی وئیسلامیەكانی تر و لەناو كۆمەلگەدا وبەم پێیەش پەرەدان بە دەسەلاَت و نفوزی ئیسلامیەكان لە كوردستاندا و سەپاندنی شەریعەتی كۆنەپەرستانەی ئیسلامیە بەسەر یاسای ڕۆژنامەنوسی ودەستوری كوردستانی پێشنیاركراو وە شكست پیدانی ئەو ڕەوتە عملانی و ڕەخنەگرانەیەی ئەمڕۆ لە نێو رۆشنبیران و لەكۆمەلگەدا ڕوو لەگەشەیە. بۆیە ئەم هەلَوێستەی حكومەتی هەرێم بەرامبەر بەم هەموو هەرەشەی تیرۆرە ئاشكرایە بەرامبەر بە هاولاَتیانی كوردستان هەموو ئیدعایەكی ئەم حكومەتە بۆ پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و ڕێگرتن لە تیرۆر پوچەلَ دەكاتەوە.

هەربۆیە ئێمە داوادەكەین كە ئەو بریارەی سەرۆكی هەرێم بۆ بەدەنگەوەچوونی هەرەشەی مەلا وئیسلامیەكان هەلَبوەشێتەوە و بەپیچەوانەوە سزای یاسایی ئەو كەس ولایەنانە بدرێت كە ئەم یاداشتەیان ئیمزاكردووە و لەپشتیەوە ڕاوەستاون. هەروەها خوازیارین كە شەریعەتی ئیسلامی نەسەپێنرێت بەسەر یاسای ڕۆژنامەگەری و دەستوری پێشنیاركراوی كوردستاندا ورەخنەگرتن لە ئیسلام لە بواری نوسین ورادەربڕیندا ئازاد بێت.

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان/كۆمیتەی دەرەوە**

2008/06/27

**بۆپەیوەندی بە كۆمیتەی دەرەوەی وولاَتی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی كوردستان**

Email:Wpk08@yahoo.com,TEL:00447760131203, www.hkkurdistan.org